# بۆچوون و باری سەرنجی RUK
## لەسەر پرسی هاوکاری و پێکهێنانی بەرە یان ئیئتلافی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژهەلاّت

**ئەم بابەتە، دەقی قسەكانی بەرێز كاك حسەین یەزدانپەنا، سكرتێری گشتیی RUKیە كە شەوی ٢٠٠٣/٥/٢٣ لە كۆڕێكدا لە ژوری"ئێرە دەنگی كوردستانە" لە پاڵتاڵك paltalk پێشكەشی ئامادەبووانی كرد.**

سلاو و ڕێزم پێشكەش بە بەرێوەبەر و بەشدارانی بەرێزی كۆڕەكە
هەروەها سلاو و ڕێزم پێشكەشی ئەو برایانەی بە نووسین بەخێرهاتنم دەكەن وفریاناكەوم ولاّمیان بدەمەوە .
دیارە یەكێتی شۆڕشگێرانیكوردستان گەلێك بابەتی سەبارەت بە پرسی هاوكاری لە نێوان حیزب و لایەنەكانی كوردستانی رۆژهەلاّتدا بلاّوكردوەتەوە. وە ئەوە بابەتێكی نەناسراو نیە بۆ هەموو ئەو كەسانەی لە گەلّ بۆچوون و هەلّویستەكانی ئێمە ئاشنان. لەم كۆڕەدا حەول دەدەم بە پوختی و بە بیّ ئەوی ئێوەی بەرێز ماندوو بكەم، بۆچوونمان لە سەر ئەو پرسە بە خزمەتتان بگەیەنم .
من حەز دەكەم لە پێشدا گۆشە نیگای RUK،مێتۆدی بیركردنەوە و ئەو ئەساسەی كە RUK سیاسەتی لێوە دەكاو هەلّویستی لە سەر دادەڕێژیّ بە كورتی باس بكەم. چونكە مەسەلەی جۆر و مێتۆدی بیركردنەوە زۆر گرینگە وگەلیّ شت دیاری دەكا. ئێمە وەكوو كورد بیر دەكەینەوە . بۆ كورد و بەرژەوەندییەكانی كورد سیاسەت دەكەین. لە سەر خاكێك واقیع بووین كە ناوی كوردستانە. لە زەمانێكی دیار و موشەخەسیش داین كە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە چاو دەیەكان و سەدەكانی ڕابردوو زۆر دیارده و چەمك گۆڕاون.
سەبارەت بە مەسەلەی هاوكاری هێزەكانی كوردستان یان بەرەی كوردستانی یان ئیئتلافی هێزەكانی كوردستانی ڕۆژهەلاّت ، ئێمە وەك "مبدا"وبناغە ، باوەڕمان بە یەكێتی و هاوكاری نێوان هێزەكان هەیە و لە ڕاستیدا بە فاكتۆرێكی گرینگی خەبات و سەركەوتنی دەزانین. لە ڕووی نەزەرییەوە دەتوانین ئەو بۆچونەمان بەم جۆرە تەوزیح بدەین:
١- قۆناغی خەباتی گەلی كورد لە كوردستانی ڕۆژهەلاّت ، قۆناغی رزگاری نیشتمانییە.قۆناغی رزگاری نەتەوەییە . سیمای سیاسی ئەم قۆناغە ئەوەیە كە مەسەلەی سەرەكی ، مەسەلەی خاكە ، مەسەلەی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانییە ، لەم قۆناغەدا هەموو چین و تویژەكانی كۆمەلّی كوردەواری دەتوانن بەشدار بن و رزگاری نەتەوەیی و پێكهێنانی قەوارەی سیاسی و دەولّەتی نەتەوەیی ئامانجی هاوبەشی هەمووانە.
٢- كۆمەلّگەی كوردستان كۆمەلّگەیەكە كە بە دواكەوتوویی ڕاگیراوە. ڕێگەی گەشە و نەشە و هەلّدانی سروشتی پیّ نەدراوە. لە هیچكام لە بوارەكانی سیاسی ، ئیقتسادی و كۆمەلاّیەتیداچین و تویژەكانی كۆمەلّی كوردەواری هیچكامیان گەشەیەكی تەبیعیان نەكردوە و لە نەتیجەدا ، ڕیزبەندی چینایەتی ئەوەندە زەق و بەر چاو نیە. بە واتایەكی دیكە كوردەواری لە رووی چینایەتییەوە، قوتب بەندی نەبووە ، پولاریزە نیە وە لە نێوان چین و تویژەكاندا ئەو شتەی كە لە ئەدەبیاتی ماركسیستی دا پێی دەگوتریّ ناتەبایی "

ئانتاگۆنیستی"، نیە لە کوردەواریدا. بۆیە هەموو چین و تویـژەکانی ئەوکۆمەڵگەیە دەتوانن پێکەوە لە پێناو وەدەسهێنانی ئەو ئامانجە هاوبەشەدا ، هاوخەبات و هاوسەنگەربن.

٣ - خـاڵی دیکـە ناتـەبایی سـەرەکییە .ناتـەبایی سـەرەکی لـە کوردسـتاندا ، ناتـەبایی نێـوان داگیرکـەر و داگیرکراوە. ناتەبایی لە نێوان نەتەوەی کوردی بن دەست و ڕێژیمە داگیرکەرەکانە. کاتێ دوژمنانی کوردستان وڵاتی ئێمە وەبەر پەلامار دەدەن – هەر پارچەیەکی کوردستان بێ فەرق ناکا– لـەوە ناپرسن کـێ چکارەیە و کـێ سەر بە چ بیروباوەڕ و دین و مەزەبێکە. هـەروەها لـەوە ناپرسـن کـێ کرێکارە و کـێ سـەرمایەدارە و کـێ ڕەشایی و جووتبەندەیە . ئەوان بەلایانەوە گرینگ ئەوەیە کێ لەسەر ئەم خاکە دانیشتووە، کە دیارە، کورد . ئـەوان هێـرش و پـەلاماریان بـۆ سـەر کوردسـتان و لـە دژی کـورد دەهێـنن بـە بـێ ئـەوەی هـیچ چـین و توێـژ و دەستەیەکی کوردەواری هەلوێرن.

٤ - لە لایەکی دیکەوە RUK "متعلق" بە قوتابخانەیەکە کە ئەو قوتابخانەیە بەر لە ٣٠٠ ساڵ داهێنەرەکـەی دەڵێ: ئێمە بە یەك گرتن و بە یەك سەرکردایەتی دەگەینە ئامانج . خانی نەمر دەڵێ :

گەردی هەبوو یامە ئیتتفاقەك

ڤێکرا بکرامە ئینقیادەك

روم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژمەڕا دکر غولامی

جا ئێستاکورد غولامیی کەسیشی ناوێ ،تەنیا بەدوای مافی وەك یەك لە گەڵ گەلانی دراوسێیدا دەگەڕێ .

٥–واقعیەتێکی دیکە کە مەسەلەی هاوکاری نێوان هێزە سیاسییەکان دەسەلمێنێ ئەوەیە کە لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا تەنیا یەك حیزب یان دوو حیزب نین ، ژمارەیەك حیزب و ڕێکخراوی سیاسی هەن کە هەر کامیان خاوەنی مێژوو ،سیاسەت، فەرهەنگ ،ئەخلاق و هەر کام سەر بە قوتابخانەیکی جیاوازن ، ئەگەر بێتوو روناکبیر و سیاسەتکاری کورد خۆی لە ئاست ئەم واقعیەتە حاشاهەڵنەگرە گێل بکا بێگومان لە خوێندنەوەی واقعیەتی سیاسیدا و لە دارشتنی سیاسەت دا تووشی هەڵە دەبێ. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە هەرکام بەشێك لە میللەتیان لەگەڵە ، هەر کام ژمارەیەك ئەندام و کادر و پێشمەرگەیان هەیە . هەرکام پێوەندیگەلێکی دەرەکییان هەیە ، هەرکام بەڕادەیەك چەك و چۆڵ و ئیمکانانی مادییان هەیە . بەگشتی هەرکام لەمانە هەن ، هەر کەس پێیخۆش بێ یان پێیناخۆش بێ . ئینجا با جارێ باسی ئەمڕۆ بۆ ساتێ بخەینە لاوە، با ساتێ ئەوە بێنینە بەر چاو کە گۆڕانکارییەك چ لە ئاکامی هەستانێکی جەماوەری بێ و چ لە ئاکامی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا بێ، چ لە ئاکامی هەر فاکتۆرگەلێکی دیکە دا بێ، روو بدا .

ئەم هێز و لایەنانە هیچیان شوێن بۆ ئەویتر چۆڵ ناکەن ، هیچکام خۆی لەویتر بە کەمتر دانانێ، هەر کەسیش خۆی لەویتر بە شۆڕشگێڕتر دەزانێ . باشە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا چی روو دەدا ؟ بە بڕوای ئێمە لە رووی سەرنج دان بەو واقعیەتەوە سێ ڕێگا زیاتر وجوودی نیە :

یەکـەم :ئەوەیـە کـە تێکهەڵچوون و شـەڕ و پێکـدادن و یـەکتر کوشـتن جـارێکی دیکـە دەس پـێ بکاتـەوە و مێژووی شەڕی براکوژی جارێکی دیکە دووپات بێتەوە .

www.kurdistannet.org  7-6-2003

دووهەم : ئەوە کە پاشاگەردانی و کەس بە کەسە و هەر کەس بۆ خۆی و پاوان کردنی هەر ناوچە و دەڤەرێك لە لایەن هێزی بالأدەسی ئەو ناوچەوە روو بدا.

سێهەم : یان دەنا تەبایی ، هاوکاری ، کاری موشتەرەك لە نێوان حیزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا لە پێناوئازادیی کوردستان و گەیشتنی کورد بە ئاوات و ئامانجەکانی .

دیارە ئەوەی دلّی بۆ ئەو میللەتە و بۆ ئەم خاك و نیشتمانە بسووتیّو خوێنی شەهیدان و فرمێسك و جەرگ سووتانی دایکانی ئەم ولأتەی بەلاوە گرینگ بیّ و لە بیری پاشەرۆژی ئەم نیشتمانەدا بیّ ، بێجگە لە رێگای سێهەم، نابیّ بیر لە رێگایەکی دیکە بکاتەوە و دەبیّ کومەك بکا ئەو تەبایی و هاوکاری و کاری هاوبەشە لە نێوان ئەو حیزب و رێکخراوە سیاسییانەدا کە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەن بێتە ئاراوە .

جا با بگەڕێینەوە سەر هەل و مەرجی ئێستا. رەنگە هەمووتان لە سەر ئەوە لە گەلّم موافق بن کە رۆژهەلأتی ناوەراست لە گۆڕان دایە و بە رووخانی رێژیمی عێراق و دامەزرانی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و لە سەر سنوورەکانی ئێران و ئەو حکومەتەی کە لە عێراقدا پێك دیّ ، ، هەمووەمان دەزانین کە چ شوێنەواریّ لە سەر دەوروبەری خۆی دادەنیّ وچەندە ولأتی ئێران بە حکومەت و گەلانیەوە دەخاتە بەر گاریگەریی . ئێمە پێمان وایە ئێران لە بەرەبەری گۆڕانکاری دایە . ئەوەندەی پێوەندی بە ناوخۆی ئێرانەوە بیّ ، ئەوە کە بە فاکتۆری نێوخۆی دادەنریّ، پێم وایە لە رووی عەینییەوە ئەوەندە ئامادەیە بۆ گۆرانکاری کە لە سەریشی تێپەریوە . بە تایبەتیش کە پرۆژەی ئیسلاحَ تەلّەبانی حکوومەتی شکستی هێناوە و تازە زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە بیووژێتەوە . هەروەها فاکتۆری دەرەکیش ئەوە نیشان دەدا . دلّنیام،ئەکسەریەتی بەشدارانی بەرێز ئاگاداری ئەو هەلّویست و بۆچوونانەی دەولّەتی ئەمریکا هەن ، ئاگاداری ئەو جموجولأنەی هێزە جۆربەجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی  ولأت هەن . هەر لە ئێستاشەوە هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان ، لە حەولدان . دەمەویّ بلّێم ئێران بەرەو گۆران دەچیّ . هەر هێز و لایەنێکی سیاسی نێو خۆ و دەرەوە لە حەولی ئەوەدایە کە ئەو گۆڕانکارییانە بە بالأی بەرژەوەندییەکانی خۆی ببڕیّ . هەر لە نێو خۆی ئێرانەوە ، جمهووری ئیسلامی لە حەولدایە ، لە حەولی خۆ گونجاندن لە گەلّ ئەو بارو دۆخە سیاسییە نوێیەدایە . ئایا چ دەکەن ، چ ناکەن ، تا چ ئەندازە سەر دەکەون یا سەر ناکەون ، ئەوە با جاریّ بمێنیّ و لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە . هەر چەن کە بە گشتی بە بۆ چوونی من جمهووری ئیسلامی لەو گۆڕانکارییانەدا ناتوانیّ لە دەست چارەنووسی حەتمی کە رووخان و نەمانە خۆ دەرباز بکا . لایەنگرانی رژیمی پێشوو لە حەولدان . وەك دەزانن هێندێك دیدار و چاوپێکەوتنیشیان لە گەلّ بەرپرسانی ئەمریکا هەبووە . ئەمریکاییەکان پرۆژەی خۆیان هەیە بۆ ئێران. تەیفی ناسیونالیزمی ئێرانی لەو سەری "ڕاست "یەوە تا ئەو پەری "چەپ " ی پرۆژە و بیر و بۆچوونی خۆیان هەیە بۆ ئێران . باشە ئەگەر کورد ئاوا، بیّ بەرنامە و بیّ پرۆژە بیّ ئایا دەکریّ دلّخۆش بین بەوەی کە لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانەدا شتیّ بەر کورد دەکەویّ ؟ وە بتوانیّ فورسەتە لەبارەکان بقۆزێتەوە ؟

www.kurdistannet.org 7-6-2003

با ساتێك به بارێكی دیكەدا لێكی دەینەوە . ئەگەر هاتوو چەرخی بەرژەوەندی زلهێزەكان بە بارێكدا سووڕا كە ماف و بەرژەوەندییەكانی كورد وە بن بگرێ، ئایا ئێمە هێزە كوردییەكانی ڕۆژهەلاّت ، بەم پرژو بلاّوییە بەم هەركەس بۆ خۆیەوە ،دەتوانین باری خواری كوردان ڕاست بكەینەوە ؟ دلّنیام وەلاّمی هەموومان نایە.

با لە ڕەخنەگرتن لە پرژوبلاّوی و زەرووڕەتی حەولدان بۆ هاوكاری و دامەزرانی چوارچێوەیەك بۆ هاوكاری ، هێندێك نموونە بێنینەوە كە بۆ هەموومان جێگای داخە:

- هەر پرش و بلاّوی هێزە سیاسییەكان و نەبوونی بەرنامەیەكی هاوبەش و هاوكاری و بەرە و ئیئتلافی كوردستانییە كە لە ماوەی ئەو ٢٠ و چەن ساڵەی ڕابردوودا كوردی ڕۆژهەلاّت لە دەرەوەی ولاّت نەیتوانیوە سەنگێكی سیاسی بۆ خۆی پێكەوە بنێ . كوردەكانی باكوور و باشوور بەش بە حالّی خۆیان گەلێك جار توانیویانە كار و تێكۆشانیان تەئسیر بكا . هێندێ جار توانیویانە ڕێپێوانی گەورە ڕێكبخەن . زۆر جار توانیویانە بە موافیقەت یان موخالیفەت لە گەلّ مەسەلەیەك وەدەنگ بێن و دەنگێكی دیار بن . بەلاّم كوردەكانی ڕۆژهەلاّت نەیاتوانیوە .لەبیرمانە كاتێ لە دووكاتی جیاوازدا هەر دوو ڕێبەر و سكرتێری ح.د.ك.ا ، نەمران د. قاسملو و د. شەرەفكەندی تیرۆر كران هیچ حەرەكەتێك لە دەرەوەی ولاّت لە لایەن كوردی ڕۆژهەلاّتەوە_ هیچ حەرەكەتێكی "موثر"- نەكرا .لە كوردستانی باشوور لە ١٢ ساڵی ڕابردوودا نزیكەی ٣٠٠ كوردی ڕۆژهەلاّت و یەك لەوان كاك سەعید یەزدانپەنا دامەزرێنەری یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان ، تیرۆر كرا و كوردی ڕۆژهەلاّت لە دەرەوە نەیتوانی خۆ پیشان بدا و تەئسیر بكاتە سەر ڕاگرتنی تیرۆر و كوشت و بڕی هەڤالّ و كەس و كار و هاوولاّتیانیان لە كوردستانی باشووردا.

- یان با باسی ئەوە بكەین كە ناوی نراوە"مذاكرە" و " وتوویژ " لە گەلّ كۆماری ئیسلامی . دەمەوێ بە كورتی عەرزتانی بكەم كە سالّێك دەبێ جمهووری ئیسلامی ، لە هەر ڕێگایەكەوە كە بە سەلاّحی زانیوە و بە باشی بزانێ كەوتوەتە داوای "وتوویژ " و "مذاكرە" لە گەلّ لایەنە سیاسیەكان. ئەو داوایەش لە یەك لا و دوو لا نەكراوە . ئەو داوایە لە هەموو لایەكمان كراوە . ئێمە لە كاتی خۆی دا بە پێویستمان نەزانی بۆ بەهرەبەرداری تەبلیغاتی بەكاری بێنین .وە لە ڕاستیدا نەمانویست ئەو شانازییە بە جمهووری ئیسلامی بدەین كە پێی وا بێ بە كەوچكێ ئاوی ئەو كەوتووینەتە مەلە . بۆیە ڕامان نەگەیاند و قەتیش باسمان نەكرد . ئەو مەسەلەیە ئێستا لە گۆڕێدایە، هەر لایەك وەك خۆی و بۆ خۆی جواب دەداتەوە، بێ ئەوەی توانیبێتمان هەلّوێستی هاوبەش بگرین . وە جمهووری ئیسلامی دەقیقەن هەر بۆ زیاتر پرژ و بلاّو كردنمان بەو كەلێنەدا هاتووەتە ژووری.

هەموو ئەو دیاردە خراپانە لە نەبوونی بەرەیەكی كوردستانی و ئیئتلافێكی كوردستانی دایە .

پێم خۆشە ئیجازەم بدەن بە كورتی مێژووی حەولدانە نەزەری و عەمەلییەكانی RUK بۆ هاوكاری و سەرەنجام ئیئتیلاف یان بەرەیەكی كوردستانی ،بخەمە بەر نەزەرتان:

www.kurdistannet.org 7-6-2003

لەو ڕۆژەوە کە RUK لە دایك بووە ، مەسەلەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و هاوکاری نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشێك بووە لە ناسنامە و هۆوییەتی. بەیاننامەی ڕاگەیاندنی دامەزرانی RUK لە ٣٠ی گوڵانی ١٩٩١ دا بە دیاری باس لەو مەسەلەیە دەکا . هیچ کۆنفرانس و کۆبوونەوە و بۆنەیەك نەبووە کە RUK باسی لە هاوکاری و پێکەوە کارکردنی هێزەکان و زەرووڕەتی پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆ هاوکاری لە گەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی نەکردبێ .لە مەیدانی کردەوەدا بۆ هاوکاری لە گەڵ هێزو و لایەنەکان پێشەنگ بووە، لە ١٩٩٢-٩٣ کە جمهوری ئیسلامی پیلانی پەلاماردانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە قەندیل بەدەستەوە بوو RUK تەنیا هێزێ بوو بە کردەوە بە هێزی پێشمەرگەوە بەشداری نەخشەی بەرەنگار بوونەوە لە بەرامبەر هێزەکانی ڕێژیمدا بوو. بۆ ئەوەی ئەو هاوکارییەش بەربلاوتر بکەین من بۆ خۆم بە سەرکردایەتی وەفدێك چووینە سەردانی کۆمەڵە و لە سلێمانی لە گەڵ هەیئەتێکی کۆمەڵەدا کۆبوونەوەیەکمان گرت و ئەو بابەتەمان خستە بەر باس و داوامان لێ کردن کە ئەوانیش هەنگاوێکی وا هەڵگرنەوە و هەموو پێکەوە بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانە هەنگاو هەڵگرینەوە کە بە داخەوە سەری نەگرت .ساڵی ٩٥ کۆمیتەی ناوەندی RUK نامەیەکی ئاراستەی هەموو هێز و لایەنەکان کرد و داوای لێکردن کۆبوونەوەیك بە بەشداریی هەموان بکرێ.هێندێکیان ئامادەگی خۆیان دەربری و هێندێکیش خۆیان لێ گێل کرد،حیزبی دیموکرات پێشوازی لە پێشنیارەکە کرد. ساڵی ٩٦ کاتێ کە هێزەکانی جمهووری ئیسلامی هاتنە سەر دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان وکەمپی ماڵ و منداڵەکانیان ، تەنیا یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو کە بە نێو دۆڵ و شاخ و بەندەن و چۆمدا خۆی گەیاندە ئەو شوێنە بۆ ئەوەی بە کردەوە بەشداری لە بەرنگاربوونەوە وبەرپەرچدانەوەی ئەو هێزە پەلاماردەرەدا بکا.لە رووی مەسایلی ئەمنییەتی و پووچەل کردنەوەی پیلانە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمەوە هاوکاریی هەموو لایەکمان کردوە و بە ڕێز و سوپاسیشەوە لە هاوکاری هێندیك لە دوستان پێشوازیمان کردوە.زمان و نیەت و نیازی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بۆ هاوکاری ودوور خستنەوەی ئالۆزی و شەر و قرە تەنیا بۆ کوردی ڕۆژهەلات و هێزەکانی نەبووە،لە شەرفرۆشیەکانی PKK بە کوردستانی باشورداخاوەنی قسە و بۆچون و پێشنیاری ئاشتی خوازانە بووە،کاتێ ساڵی ٩٢ زۆربەی هێز و لایەنە کوردستانییەکان لە پارلمانی کوردستان بۆ تاوتوێ کردنی کێشە و شەرفرۆشییەکانیPKK کۆبوونەوە،سەرەرای ئەو کەشوهەوا توندەی لە سەریان بوو،ئێمە بە راشکاوی داوای بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکەمان کرد و موخالیفەتی خۆمان لە گەل شەر دەربری.شەوی پیش ئەو کۆبوونەوەیەش لە رانیە چاومان بە بەرپرسانیPKKکە لە بارەگاکانی ئێمە پەنادرابوون کەوت و داوامان لێکردن واقعیەتەکان قبول بکەن ودەست لەو سیاسەتە هەلگرن.لە ساڵی ٩٤ دا کە شەر لە نیوان پارتی و یەکێتی دا هەلگیرسا،RUK چالاکانە بەشداری حەول و تەقەلاکانی ١١ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکەی کرد کە بۆ ڕاگرتنی شەر لە تێکۆشان دا بوون و هەر لەو چالاکیانەدا هێندێ جار دەوری سەرەکی دەگێرا. وە سەرەنجام لە رەشەمەی رابردوودا پاش ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پلینۆمی ئەم دوایانەیدا باسی هاوکاری نێوان هێزە کوردستانییەکانی هێنایە گۆڕێ و ئەو زەرووڕەتەی کردە بڕیار و پاش ئەوەی هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە تەشریفیان هێنایە لای ئێمە بۆ باس لەو بڕیارە، ئێمە زۆر

www.kurdistannet.org 7-6-2003

به گەرمی پێشوازیمان لێکردن و دواتریش لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی خۆمان لەو بارەوە دەربڕیوە کە بەشدارانی بەرێز دەتوانن سەردانی سایتی R.U.K بکەن و بیخوێننەوە .

ئێمە کە باس لە هاوکاری هێزەکان و زەرووڕەتی ئیئتیلاف یان بەرەیەك دەکەین دەمانەوێ ئەو هاوکارییە هەموو ئەم قۆناغ و بوارانەبگرێتەوە. لە قۆناغی ئێستادا کە قۆناغی خەبات و بەرەنگارییە یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە لەبەر یەك فەرماندەیی هاوبەشدا. کاری دیپلۆماسی هاوبەش کە لە پێوەندییەکانمان دا نەك وەك ئەم حیزب و ئەو حیزب بەڵکوو وەکوو کورد قسە بکەین و دۆست و پشتیوان بۆ کێشەی کورد پەیدا کەین. وە ئێستا کە ئێمە پێمان وایە ئێران لە بەرەبەری گۆڕانکاری دایە بەرنامەدانان بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری وتوند و تۆڵ کردنی پێوەندی لە گەڵ جەماوەر. وە لە کاتی سەرکەوتندا حەولدان بۆ سەقامگیر کردنی ئەمنیەت و ئاسایش .هەروەها لە قۆناغی دوای سەرکەوتندا ، ئێستا نامەوێ بچمە ناو ئەو باسەوە کە چۆن دەگەینە ئەو قۆناغە ، چۆن کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیم دێ ، ئایا باس لە ڕوووخانی ڕێژیم بکەین ، ئایا باس لە گۆڕانیسیاسەتەکانی ڕێژیم بکەین، ئایا باس لە پاشەکشێی ڕێژیم لە کوردستان بکەین، ئەوانە هەڵدەگرین بۆ باسێکی دیکە، بەگشتی باس لە قۆناغێك دەکەم کە هێز و دەسەڵاتی ڕێژیم بە سەر کوردستاندا نامێنێ ،لەو قۆناغەدا کە ڕێژیم پاشەکشە دەکا،بۆشاییەکی سیاسی و ئیداری دروست دەبێ ،ئیئتلاف یان بەرەی هێزەکان دەتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

فورمولە کردنی ویست و داخوازەکانی کوردان. ڕەنگە زۆر قۆناغ بێنە پێشەوە،ڕەنگە قۆناغی وتووێژ لە گەڵ ئەم ڕێژیمە بێتە پێشەوە، ڕەنگە پاش ڕووخانی ئەم ڕێژیمە قۆناغی وتووێژ لە گەڵ ڕێژیمی پاش ویدا بێتە پێشێ.بە گشتی مەسەلەی فۆرمولەکردنی ویستی کورد و وتووێژ لە گەڵ هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان، هەموو ئەوانەی بەرژەوندییان لەو وڵاتەدا هەیە،مەسەلەی قسە و تەرەفی قسە بوون لە گەڵ ئەمریکادا، هەر ئەو جۆرەی ئێستا لە عێرقدا هەیە. بۆیە لەو کاتەشدا ئەو ئیئتلافە یان بەرەیەی کە ئێمە بۆی تێدەکۆشین دەتوانێ وەکوو کورد لە گەڵ هەموو ئەو لایەنانەدا تەرەف بێ .

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە پێکهاتەی ئەو هاوکارییە یان ئەو بەرە یان ئیئتلافە لە ڕوانگەی ئێمەوە چۆن دەبینرێ ؟ ئێمە هەر لە جێدا لە سەر ئەو باوەڕەین کە نابێ هیچ کەس حەزف بکرێ و هیچ کەس وەلا بنرێ . دەبێ تەواوی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی کە بە واقعی و عەمەلی لە سەر نەخشەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوونیان هەیە بتوانن و بۆیان هەبێ لە دەسپێکی قسە و باسەکانی ئەو پرۆسەیەوە تا پێکهێنانی بەشدار بن ، مەگەر ئەوەی لایەنێك بۆ خۆی نەیهەوێ. وە نەك هەر هێز و لایەنە سیاسییەکان بەڵکوو کەسایەتییە سیاسییە سەربەخۆکان ، ڕوناکبیرانی دەرەوەی وڵات و ناوخۆ، هونەرمەندانی وڵاتەکەمان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات . بە گشتی هەموو ئەو کەرت و توێژە کۆمەڵایەتییانەی کە ئامانجی ڕزگاری کوردستانیان هەیە و بە شێوەی جۆراوجۆر و هەر کەس بە گوێرەی خۆی کاری بۆ دەکا .پێویستە هەر لە دەسپێکدا تاچێ بوون ڕۆحێکی دێموکراتیك و دوور لە پاوانخوازی و بەرچاو تەنگی بە سەر ئەو حەوڵ و تەقەلا و پێکەوە کارکردنەدا زاڵ بکرێ .

خاڵێکی گرینگ که له وەها باسێکدا نابێ له بیری بکەین و ئەرکی هەموو تێکوشەرێکی‌رێگای ئازادی کوردستان و هەموو رووناکبیرێکی گەلەکەمانە رەچاوی بکائەوەیه که : نابێ له گەل ٰهیچ حەولێ و تەقەلا و سیاسەت و دەربڕینێك بین که بیهەوێ کوردستان "قطبی" بکا . "قطبی" کردنی کوردستان له لایەن دوو یان چەن هێزەوە کارەساتی به دواوەیه . دەبێ له ئەزموونی کوردستانی باشوور که به داخەوە چەن ساڵ براکانمان پێکەوە به شەر هاتن و دەرفەتیان له کیس چوو، دەرس وەرگرین . دڵسۆزانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەبێ زۆر به وردی بڕواننە هەر هەنگاوێك که هەر هێزێکی سیاسی هەڵیدەگرێتەوە. "قطبی" کردنی سیاسی کوردستان یانیی دابەش کردنی کوردستان ، بۆیە ئێمە که به رۆحێکی زۆر خاکەرایانەوە بەشداری هەرتێکۆشان و دانیشتنێك بۆ هاوکاریمان کردوە، بێ دوو دڵی له دژی "قطبی" کردنی سیاسی کوردستانین به جۆرێك که وەك چۆن له کوردستانی باشوور دەڵێن "یەکێتی" و "پارتی" ،"پارتی" و"یەکێتی" ،. له کوردستانی رۆژهەڵاتیش بسەپێنرێ : "کۆمەڵە"و"شۆڕشگێران"،"دێموکرات"وکۆمەڵە"،"دێموکرات و شۆڕشگێران" . چونکە هەر له ئێستاوە که ئەو باسانە دەستی پێکردوە هەست بەو جۆرە هەڵسوکەوتە دەکرێ. ئێمە هەر لەم تریبوونەوە دۆستان و رۆڵەکانی میللەتەکەمان ئاگادار دەکەینەوە که ئێمە نە تەنیا هیچ کۆمەکێك به هیچ هەنگاوێکی وا ناکەین بەڵکوو له دژی سیاسەتی واش رادەوەستین . کوردستان دەبێ شوێنی ژیان و پێکەوە کار کردن و پێکەوە تێکۆشانی هەموو هێز و لایەنەکان و هەموو بیروبۆچوونەکان بێ. دەبێ شوێنی به ئاشتی پێکەوە ژیانی پەیرەوانی هەموو دین و مەزهەب وبیر و ئیدئۆلۆژییەك وهەموو رێگە و رێبازێکی سیاسی‌بێ.دەبێ هەموومان حەولێ بدەین بیکەینە نموونەیەك بۆ ئازادیی تێکۆشانی سیاسی و جێگیر بوونی فەرهەنگی دێموکراتیك و پلۆرالیزمی سیاسی .

ئەگەر به کورتی ئاورێك له ناوەرۆك یان میساقی ئەو ئیئتلافە یان بەرەیە بدەینەوە هەرچەن جارێ زووە به تێر و تەسەلی باسی لێوە بکەین بەڵام هەر وەك بەرکولێ ئاماژە به هێندێك خاڵ دەکەم :

سەرەکیترین مەسەلەی ئەو بەرە و ئیئتلافە دەبێ تێکۆشان له پێناو کێشەی کورد و وەدەسهێنانی مافی سیاسی کوردابێ . نامەوێ بڕۆمە ناو دەسنیشانکردنی شکڵی دیاری ئەو مافەوە . خاڵی دیکە ، باوەڕ به دەسەڵاتداریێتی خەڵك و پرێنسیپەکانی دێموکراسی له رێگای مراجعە به دەنگی خەڵك و قبووڵی ئاکامەکانیە . وە له عەینی کاتدا رێز گرتن و دەستەبەر کردنی مافی کەمایەتی ، دەستەبەر کردنی مافی ئازادی سیاسی بۆ تاك و کۆ ، چ بۆ هاوڵاتیان چ بۆ حیزب و رێکخراوی سیاسی . کار بۆ جێگیر کردنی پرێنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و جیا کردنەوەی دین له دەسەڵات و هەر ئیدئۆلۆژییەك . دابین کردنی مافی هەر کەمە نەتەوەیەك که له کوردستان دەژی . تەحریم کردنی لێبڕاوانەی شەڕیبراکوژی و چارەسەر کردنی کێشەکان به رێگای دیالۆگ، دابین کردنی مافی یەکسان و وەك یەکی نێوان ژن و پیاو و هەڵگرتنی هەر یاسایەك که رەسمییەتی به هەڵاواردنی رەگەزی داوە ، رێزگرتن له مافەکانی مرۆڤ و ... تاد.